# پانۆڕاما

**زنجیرەی حەفتەم**

فەهد گردەوانی



یەکەم... مان گرتن... بۆ ئیسماعیل بەرزنجی برا...ئەوا ووشەکانت ،پەیڤەکانت بۆ مان دەگرن و باسی نەبوونی گاز و نەفت[نەوت]و بەنزین و ئاو ناکەن. ئەوا بۆ باسی کورە گەنج و کچە گەنج و خەمخۆرەکانی ناو تاکسی ناکەیەت بزانی لەچ باری دەرونی دەژین. باسیان ناکەیت چەند ساڵە بە دەسگیران و بۆیان ناکرێت زەماوەند بگێڕن و ژوورەکیان وەگیرناکەوێ بۆ ئەوەی شەوی هەنگوینی تێدا ببەنە سەر. ئەوا بۆ مان دەگری ، ئەی کێ دەربارەی هەژارانی سەیداوە و سێتاقان و کوران و تەیراوە بنووسی ، منداڵان بەو زستانە بە پێخواسی قوڕ وچڵپاوی پایەتەخت دەشێلن و ئێوارانیش ماڵەکانیان لەبەر نەبوونی نەفت ساردوسڕە. بۆ نانووسی و مان دەگری براکەم ، ئەی کێ دەربارەی ئەو گەنجانە بنووسی کە خۆکوژیان کردۆتە پیشە و لە شەوی ڤالآنتاین خۆیان دەکەنە قوربانی. ئەو کچە چاو رەشانە کێ دەربارەیان بنووسێ کاتێک جەستەی خۆیان لەبەر داب و نەریتی دواکەوتوو، دەکەنە خەڵووز. بۆ مان دەگری و بۆیان نانووسی ئەو قەڵەمەخۆفرۆشانە بەرامبەر دەسەڵاتداران بۆ ئەوەندە هیچ و پوچن و هەر بەسەروگێلاکی گەندەڵی و دزوجەردە هەڵدەدەن .بۆ نانووسی کامە شاعیری خاوەن هەڵوێست دەبێ سروودی نیشتمانی بنووسی و کامە شاعیر دەبێ مارشی کوردی دابنێ . کەی دەنووسی ، ئەو گرانی یەی بازاڕ لەبەرژەوەندی کامە هاوڵاتی یە کە دەبێ رۆژانە باجەکەی بدات . کێ بەبیریان بهێنیتەوە ئەو هەموو بلنگۆیانەی مزگەوت لەبەرژەوەندی کێ یە بەبێ یاسا فەتوای کوشتن و قەتلوعام رادەگەینن. کێ پارێزگاری لەو کەسانە بکات کە تەنها قەڵەمەکانیان پشت و پەنایانە. بۆ مان دەگری و زیز دەبی، ئەی کێ بۆ دایکە شەهیدەکان بنووسی کە خوێنی رۆڵەکانیان بە فیرۆ دەڕوات ئەگەر بێت و کەرکوک نەخرێتهوە سەر کوردستان . کێ بنووسی شەقاوەکانی هەولێر کەخۆیان کردووە بە پیاوانی دەسەڵاتدار و چەکدار خەڵک لەسەر هیچ ئیهانە نەکەن و جارجارەش بە قوربانی گوڵلەی نەکەن . سمە گیان بنووسە ،بنووسە،بنووسە، نووسین مەزەی روحیەتی راستگۆیی و وەفاداری یە بۆ ئەو میللەتە بەستەزمانە.

دووەم...پەیمانی مەکە... هەردوو زلهیز فەتح و حەماس لە ژێر چاودێری پاشای سعودیا عەبدوڵلای کوری عەبدولعەزیز.ئاگربەستیان راگەیاند و رێکەوتنی مەکەیان مۆرکرد. هەردولا گەلێک بەسەر وگێلاکی خاوەنشکۆ پاشا[خوابیپارێزی]یان هەڵدا. ئەو رێکەوتنە دوایی بە فیرۆ دانی 350 کەس بەری گرت، کە لە هەردوولا کوژران و لەخۆڕا بوونە قوربانی دەسەڵات.ئەوانە شەهیدن یان نا ئەوە دەسەڵاتی تازە ئەو پێناسەیان بۆ دادەنێت و کەسوکاریان دڵشاد دەکەن .ئەگەرچی تۆڵەسەندنەوە هەتا ئەمرۆکە لەملاولەولا روودەدا و جارجارە خێزانێک شەهیدی لێدەکەویتەوە. ئەرێ شەڕی ناوخۆیی کوردستان چەندی بەکوشتندا و هەتا ئەمرۆکە دەسەڵات بۆ تێکەڵاو نەکراوەتەوە.

سێیەم... ئێران لە عێراقدا...هەموو رۆژ لە بەغدا کوژرا و بریندار هەیە.سونە بۆخۆی شیعەی دەکوژی و شیعەش سونە قڕ دەکات. هەندیک جار دەڵێن با بەغدا بۆیەک مەزهەبی بێت ، ئەو هەموو سونەیە رووبکەنە کوێ ، [ئەعزەمی] یە ناوی ببێتە چی. ئەی ئەو شیعانە روو لە کوێ بکەن و [کازمیە] ببێتە چی . کریستیان و کورد و سابئە و ئەوانەی تر روو لەکوێ بکەن .ئێران بە کەیفی خۆی بەناو کەوتووە و دەستی دەڕوا.سیاسەتی [ئاگرەسوورە لەمن دوورە] پەیڕەو دەکات ویارمەتی گروپ وکەسانی جۆراوجۆری

خۆی دەدات.سەرۆککۆمار دەچیتە تاران داوای چی دەکات ئەوا ئاشکرا نی یە.دەگەڕێتەوە بەغدا، ئێرانی بەناوی جاسووسی لە عێراق دەسگیر دەکرێن و ریز لە زیارەتی سەرۆک ناگرن. لە هەولێر و سلێمانیش کاری جاسوسی خۆیان دەکەن. سەرۆکی دەعوە ومەجلیسی ئەعلی و لەشکری مەهدی زیارەتی تاران دەکەن و داوای یارمەتی دەکەن .ئێران هەر گویش بەو دەنگانە نادات کەداوادەکات دەست بکێشیتەوە.دەڵێن لە بەسرا هەنوکە زمانی فارسی گڤەی دێت.تەیاری دینی ئیسلامی چ جیاوازی یەکی هەیە لەگەڵ [القاعدە]. ئەگەر سەیری خیتاباتی دینی سیاسی بکەیت دەربارەی مافی ئافرەت و بوونی ئافرەت چ جیاوازی یەک بەدی دەکرێت لە هەردوو ئایدۆلۆژیایی دینی شیعە و سونە یا ئەو گروپانەی خۆیان بە لایەنی القاعدە و الشیعە دەبەستنەوە.ئایا یەک بیروباوەر و یەک ئایدۆلۆژیا نی یە بەتایبەتی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست.هەنوکە کوردستان دەنگدان و هەڵبژاردن بکات خەڵکی لە پێناوی پەیداکردنی نان و خۆشگوزەرانی بە مەعیدەی دەنگدە دات یان بە مێشکی . ئایا داوادەکات حیزبێک زگی تێر بکات و ئاو و کارەبای بۆ دابین بکات یان فکر.لە فەلەستین خەڵکی بە مەعیدە دەنگیان بۆ حەماس دا پاش ئەوەی فەتح تێری نەکردن و تووشی دەسەڵاتی دزی و باری ئابووری خراپ هات.ئەوە حەماسە لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی واز لەو دروشمە رەنگاورەنگانە دەهێنی کە جاران لە فەرهەنگی دانەبوو دان بە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دابنێت.گەل کە توشی برسیاتی هات دیارە بۆ پڕ کردنی مەعیدەی هانا دەباتە حیزبە دیینیەکان.کوردستانیش بەوشێوەیە ژیان بەڕێ بکات دیارە وەزعی لە فەتح باشترنابێت.

چوارەم...مردنی نادیار... ئانا نیکۆڵ سمیث یەکەمجار وەکو فۆتۆمۆدێل خۆی نیشاندا. پاشان وەکو کچێکی گەنج و تەمەن بیستوهەندێک شووی بە ملیونێری هەشتاوهەندێک ساڵ کرد و پاشی ساڵێک و هەندێک بووە خاوەنی کۆمەڵێک ملیون دۆلار.ئەو مێردکردنە لەپێناوی پارەبوو نەک خۆشەویستی. ئانا کە کێشی چووە سەر و سەدوئەوەندە کیلۆیە بوو تووشی دەردی دەروونی هات. کەوتە گەڕان بەدوای چۆن ئەو کەلەشە جوانەی بیهێنیتەوە خوارەوە. بووە هۆی خۆ خەریک کردنی داودەرمانی خۆ لاوازکردنەوە. لە ماوەیەکی کورتدا سی وئەوەندە کیلۆیەی هاتەخوارێ و هەوڵی دا بێتەوە دۆخی جاران. ئەو کچە شۆخە لە میوانخانەیەکی فلۆریدا مرد و کچێکی پێنج مانگانەی بەناوی دانیالینا لەدوای خۆی بەجێ هێشت . هەنووکە شەڕەکە لەسەر ئەو منداڵەیە کە کێ باوکیەتی.رەحمەتی بۆ رابواردن دۆست وياری گەلێک هەبووە ،دەستی خۆی لە و رەحمەتی خواییە نەپاراستووە.بۆ ئەوەی پارەی منداڵەکە ببێتە بەشی ئەو باوکە ،چەند کەسێک بانگی ئەوەیان کردووە منداڵەکە ئی ئەوە.هەندێک وای بۆ دەچن گوایە ئانا سپێرمی پیرە ملیونیری هەڵگرتبوو،ئەو کچە لەو سپێرمە هەڵگیراوەیە.دیارە ئانا دەیزانی رۆژێک لە رۆژان لە پێناوی پارە لیی دەکەنە تەنگوچەڵەمە بۆیە ئەو منداڵەی لە پیرەمێرد دروست کرد.هەتا ئەمڕۆ راپۆرتەکی تەواو دەربارەی مردن و منداڵەکە دەرنەچووە.

پێنجەم...ماڵئاوایی...ژنە نووسەری بەناوبانگی سوێدی ماریانە فرێدریکسۆن{1927/3/28 — 2007/2/11} لە تەمەنی 79 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. سەرەتا وەکو رۆژنامە نووسێک لە رۆژنامەکانی رۆژانە و گۆڤارەکان دەستی بە نووسین کرد. ساڵی 1980 وەکو نووسەرێک بە دیارکەوت و رۆمانی [کتابی حەوا]ی بڵاوکردەوە.نزیکەی 17 رۆمانی نووسیوە و بۆ 44 زمانی جیهانی وەرگێردراوە . شازدە ملیون دانەی لێفرۆشتووە.لە 150 دەوڵەت رۆمانەکانی بڵاوکراوەتەوە.قوربەسەری نووسەری کورد هەتا کتابێک بڵاودەکاتەوە و هەزار دانەی بۆ دەفرۆشرێت چاوی دێتە پشتی سەری ،جارجارە رەنجیشی بە خەسارە.

شەشەم...ئیسرائیل...دەوڵەتێکی سەربازی یەو داگیرکەریشە. خاوەنی پەرلەمانە کە پێی دەڵێن [کنێسیت].هەر جارەی هەڵبژاردن و دەنگدان دەکرێت ،حیزبێکی سیاسی دەسەڵات وەدەست دەینی و حکومەتی وڵات پێک دەهێنی .بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئیسرائیل هەتا ئەمڕۆکە بەرژەوەندی باڵای وڵات رەچاوکراوە جا ئەو حیزبە دەسەڵاتدارە چەپ بێت یا راست.هەندێک پرەنسیبی دیموکراسی رەچاو دەکرێت

ئەویش دادگاکردنی سەرانی دەسەڵاتدارە لەکاتی پێشێل کردنی یاسا. لەو ماوەیە سەرۆکی ئیسرائیل بەوە تاوانبارکراوە دەستدرێژی کردۆتە سەر کچان و دەبێ دادگایی بکرێت و بکەویتە زیندانیش.لەو وڵاتانەی نزیکی ئیسرئیلن [خزمی خەزووری سەپانی سەرۆکیش] پێشێلی یاسایی دەکات و کەسیش ناوێری بیخاتە بەردەمی دادگا.سەرۆکی ئیسرائیل ناوی موشیە کتساف[کاتساو]ە لە 1945/12/5 لە شاری یەزدی ئێران لە دایک بووە.ساڵی 1951 لەگەڵ دایک و باوکی چۆتە ئیسرائیل و لەوێ نیشتەجێ بوون. لە حیزبی [لیکود] کاری سیاسی کردووە و ساڵی 1977 بووە بە ئەندامی کنێسێت و ساڵی 1981 لە حکومەتی مەناحیم بیگین پۆستی وەزیری وەرگرتووە.ئێستاکەش چاوەڕوانی رەحمەتی زیندانە بۆ ئەو دەستدرێژیانەی کردویتیە سەر ئەو ئافرەتانی کە لە دەزگاکەی کاریان دەکرد .

حەفتەم...هەشتی شوبات...رۆژی رەشی عێراقە و دەسەڵاتداری بەعسیەشۆڤینییەکان بەهۆی کۆدەتایەکی خوێناوی دەسەڵاتیان لە عێراق وەرگرت و سەرۆککۆمار عەبدولکەریم قاسم[عبدالكريم قاسم]یان لەناو برد . سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عیراقی [سەلام عادیل و جەمال حەیدەری]یان شەهید کرد. پاش ئەو کۆدەتایەو هەتا روخانی رژێمی سەدام حوسێن ،عێراق تووشی سیستەمی تاقە حیزبی و دیکتاتۆری هات.

هەشتەم...کەرکوک...کەرکوک دڵە...کەرکوک قودسە...کەرکوک بووکی کوردستانە...کەرکوک پیرۆزە...کەرکوک هەموو کوردستانە. لەجیاتی ئەوەی دوو هەزار پیاوی یەکێتی و پارتی بارەگای حیزبەکانیان لە کەرکوک بپارێزن و خەڵکی شار توشی هێمنی و ئاسایش بکەن . بەناو ئەو شارە قوڕ بەسەرە رەوانەی بەغدا دەکرێن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەغدا بکەن .بەغداش هێمن نەکراوە و خەڵکی بەر دەرگای هەردوو بارەگای حیزب لە خۆیان دڵنیانین کەی دەبنە قوربانی .شاری کەرکوک بەو هەموو نائارامی یەوە چۆن دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی حکومەتی سلێمانی و هەولێر.

نۆیەم...تەها یاسین رەمەزان...ئەو کوردە خۆفرۆشە چووە زبڵدانی مێژوو.کامە سەرووەری یە بۆ تەها جەزراوی کە بەو شێوەیە هەڵبواسرێ. مەدالیایەکی زێڕ یا زیوی بەناو نەکرێت.بەعسیە شۆڤینییەکان گاڵتەیان بە پاشناوی دەهات، بۆیە بریاریان دا پاش ناو بەکارنەهێنرێت و تەها جەزراوی بووە تەها یاسین رەمەزان .خۆی بە عارەب دەناسی ، دەیگووت لە شا دەمارەکانم خوێنی عارەبی پێداتێدەپەڕێ. چەندی سەرۆک جاش و سەرۆک بەعسی لەناو کورد دروست کرد.ئەو جێگرەی سەرۆکەش نەکرا قوربانی ئەنفاڵ و کیمیاباران وکاولکردنی کوردستان .ئەویش بووە قوربانی کارەساتی دوجەیل.جاری پێشوو دادگا بڕیاری دابوو هەتاهەتایێ لەزیندان ژیان بباتە سەر ،هەنووکە بڕیاری دادگا کرا بە هەڵواسین و ئەویش هەر بوجلوبەرگی عارەبی گوێگری بڕیاری دادگابوو.

دەیەم...29ساڵ زیندانی...برگیتە مونهاوپت لەساڵی [1978]ەوە لە زیندان بووە و لەو رۆژانە زیندانی بایرن بەجێ دەهێلێت و دەبێتە مرۆڤێکی ئازاد.ئەندامی رێکخراوی لەشکری سووری ئەڵمانی بووە و دەستی هەبووە لەو کارانەی بووە هۆی شێواندنی ئاسایشی ئەڵمانیای رۆژئاوا لەو 30 ساڵەی پێشوو. ئەو رێکخراوە بەناوی [بادەرمانیوف]یش بەناوبانگ بووە و دژی سیستەمی سەرمایەداری کارەکانی جێ بەجێ دەکرد .برگیتە مارگریت ئیدا مونهاوپت لە 1949/6/24 لە راینباری ئەڵمانیا لەدایک بووە. بەشداری چالاکی یەکانی رێکخراوی بادرمانیوفی کردووە.لە 18ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1977 چوارکەس لە ئەندامانی رێکخراوی لەشکری سووری ئەڵمانی بڕیاریان دا لە زیندانی شتوتگارت خۆیان بکوژن. سێ یان دەمرن [ئەندریاس بادەر 1943/5/6 ــ 1977/10/18 ] و [گودرون ئینسلین 1940/8/15 ـ 1977/10/18 ] و [ یان کارل راسپە 1944/7/24 ـ 1977/10/18 ] .بەڵام [ئیرمگارد مۆلیەر 1947/5/13 ] لە مردن رزگاری دەبێت.بەر لەمانەش [ئولریکە ماینهوف 1934/10/7 ــ 1976/5/9 ] خۆی کوشت .کاروچالاکی ئەو رێکخراوە لەساڵی 1998 تەواو بووە.

2007/2/25ستۆکهۆڵم